کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
5-10-2007 22:43بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## کۆشکە سپییەکەی شەهیدانی سەرچنار نەک واشنتۆن ... ڕەسول عەلی

نووسینێك ڕەخنە ئامێز بێت شەرم نیە شەرم ئەوەیە وەك نەعامە سەرت لە زەوی نێیت، ڕاستی ڕووداو و گەندەڵییەکان بخەیتە ڕوو شەرم نییە شەرم ئەوەیە سووکایەتی بەخەڵکی بکەیت بی بەڵگە و شتی شەخسی بوروژکێنی.. ئەمڕۆ لەکوردستان چینی مام ناوەند لەڕۆچوون و وونبوندایە خەڵکەکە یان زۆر هەژار و کەم دەرامەتن یان زۆر زەنگین و بەتوانان ئەمەش ڕەنگدانەوەی هاوکێشەی گەندەڵی و خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات و سامانی میللەتی ڕەش و ڕووتە، باو و باپیرم لەسلێمانی ژیاون لە گەڕەکە قەشەنگەکەی دەرگەزێن خۆشم هەر لەوی گەورە بووم و هەموو سوچ و قوژبنێکم بست بەبست پێواوە ئیستا ئەم گەڕەکە کەوتۆتە بەر لافاوی جیهانگیری و خەریکە سیمایی نیشتەجێبوون وون دەکات و دەبێت بەبەشێك لە بازاڕی ئەمڕۆ خانووە قوڕەکەی ماڵی باپیرم لەناو سێبەری باڵەخانە بازرگانییەکاندا وون بووە و وەکو جاران لەپایزدا خۆر بەهێمنی لەئێواراندا نابێتە میوانی هەیوانی ماڵەکە.. وەکو جاران لەهاویندا سەربان ئاوڕشێن ناکەین و مێخی چیخی حەسیری داناکووتین تا لێی بنووین.. جاران لەسەر جێگای سەربانەوە تا چاومان دەچووە خەو ئەستێرەکانمان دەبژارد ئیستا دەبی پەنجەری باڵەخانە چاوچنۆکەکان بژمێرین.. جاران لەکاتی بەربانگدا بۆن و بەرامی قوبڵی و ساوەر و یاسەمەنی و پڵاو سنگمانی قان دەدا ئیستا تەنها بۆنی کۆنکرێت و بلۆکی مردووە... دراوسێکان هەموو ڕۆشتن منیش دەبوو بڕۆم.. بەناچاری حەوشە و دالان و سەکۆی بەردەرگا و دارەڕایی پڕ بیروەریم فرۆشت و بوخچەی یادگارییەکانم دا بەکۆڵما و لە خانوویەکی بچوکی نسرمی شەهیدانی سەرچناردا گیرسامەوە.. بریندار بووم.. مرۆڤ نەبووم بەڵکە پاشماوەی مرۆڤ بووم.. ئەوسا بە دوو هەنگاو دەگەیشتمە بازاڕو دەهاتمەوە ئیستا جاری واهەیە سی چارەك چاوەنواڕی پاسێك دەکەم کە جێگای منی تیا بێتەوە.. هەست دەکەم نامۆم و لەشارێکی ترم.. ئەوەی سەرنجی ڕاکێشام لە گەڕەکە نوێکەمدا پالاسێکی بالابەرزی سپی ڕەنگ بوو کە لەکۆشکی سپی واشنتۆن قەشەنگ تربوو هێندە بەرز بوو لەسەربانەکەیەوە پێدەچی شارەزوور ببینی، زۆر جار لەپاسەکەدا کەبەلای ئەم کۆشکەدا دەڕویشتن هەندی لەنەفەرەکان بەتیرو توانجەوە دەیانگووت لەم ماڵەدا ئەگەر نەشارەزا بسوڕێیتەوە وون دەبیت و دەبی بەپرسیار یان بە قیبلەونما یان مەگەر خاوەنەکەی دەستت بگری ئەوکات دەرگای دەرەوە دەدۆزیتەوە.. هێندە بەناوبانگە کە ئەگەر ناشارەزایانە تەکسیەکت بگرتایە بۆ شەهیدانی سەرچنار شۆفێرەکە پێی دەگووتی بۆ کوێی کۆشکە سپییەکە دەچیت، من یەکەم جار گومانم نەبوو لەوەی کە ئەم کۆشکە یان هۆتێلە یان وەزارەتێکە لەوەزارەتەکان بەلام پاشان زۆرم پی سەیر بوو کە زانیم ماڵی کوڕێکی نیمچە لاوە.. ئەوەش شۆکی نەکردم چونکە ئیستا زۆرن بازرگانە دەوڵەمەندە مەزنەکان بەلام شۆکی من لەوەدا بوو کە ئەم کۆشکە سپییەیی شەهیدانی سەرچنار خاوەنەکەی ئەفسەرێکی پۆلیسە واتە مووچە خۆری میرییە بەمەش واقم نەووڕما لەبەر ئەوەی هەندی مووچە خۆر لەخێزانێکی بەتوانان و لە باوك و باپیرانەوە سامان و موڵکیان بۆ ماوەتەوە بەلام کاتی واقم ووڕما کاتی زانیم ئەفسەرەکە کاك محەمەدە فەرماندەی کەرتی سەرا بەڵی کاك محمەد کە بەقیستی مانگانە لەگەڵ خۆما بوتڵە غاز و بەرمیلە نەوتی دەکڕی بەڵی ئەوەی لە هەفتەی یەکەمی دوای مووچە وەرگرتنەوە پولێکی پی نەدەما و قەرزوقۆڵەی لەم و لەو دەکرد، بەلام یائیلاهی ئەبی پارەی ئەم موڵکەی لەکوی هێنابی تۆ بڵێی یانسیبی ملیۆنە دۆلاری بۆ دەرچووبێت یان دوو ملیۆنەکەی جۆرج قرداحی بەرنامەی (من سیربح الملیونین) ی **mbc** بردبێتەوە.. نانا بڕواناکەم بێگومان ئەمەش پەیوەندی هەیە بە گەندەڵییە حەیاتەکەی کەوەك مۆرانە کەوتۆتە جەستەیی دام و دەزگا حیزبی و حکومییەکان و بووە بەو دەواجنەی کە هەزارانی لەپڕی کرد بەکوڕی و هەزارانی تری وەك منی لەخانووە قوڕەکەی ماڵی باوکی ئاوارە کرد کەئیستاش بەسەد کۆشکی سپی لەوەی شەهیدانی سەرچناری ناگۆڕمەوە..

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.